لیۆنێل مێسی دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕیزەکانی بارسێلۆنا یان بچێتە خولی ئەمەریکی



چارەنووسی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یانەی پاریس سان جێرمان، تا ئێستا دیکە لە چاوەڕوانیدایە و گرێبەستەکەی لە کۆتایی وەرزدا کۆتایی دێت.

پەیامنێری کەناڵی L'Equipe ی فەڕەنسی دەڵێت، پەیوەندییەکانی نێوان لیۆنێل مێسی و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی یانەی پاریس وەکو تەی (هەوڵدەدەین تاکو بگەینە ڕێککەوتنێک) بەڕێوەدەچێت.

پەیامنێرەکە وتیشی، لەوانەیە پەیوەندی مێسی و یانەی پاریس سان جێرمان کۆتایی پێ بێت وەک "هاوڕێیەتی" ئەگەر هەردوولا نەگەیشتن بە ئەنجامێک بۆ ڕێککەوتن.

پەیامنێرەکە پشتڕاستی کردەوە کە لیۆنێل مێسی دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕیزەکانی بارسێلۆنا یان بچێتە خولی نایابی ئەمەریکی.